ئازاد مسته فا

# نه ته وه

و

# نه ته وایه تی

ستۆکهۆلم ۱۹۹٦

chalakmuhamad@gmail.com

نەتەوە و نەتەوایەتی

نووسینی: ئازاد مستەفا

تایپ و لەیاوت : هەلاڵە کەریم

چاپی یەکەم بەرلین ١٩٨٩

چاپی دووەم کوردستان ١٩٩٢

چاپی سێەم : ستۆکهۆڵم ١٩٩٦

chalakmuhamad@gmail.com

(بنکەی پەخش و بڵاوکردنەوەی نەتەوایی

پارتی سەربەخۆیی ی کوردستان)

- پاسۆک -

chalakmuhamad@gmail.com

National Information & Publication center
of Kurdistan Independency Party (PASOK)
Box 4019
163 04 Spånga, Sweden.

Printed in Sweden

ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| سەرەتا | ٣ |
| نەتەوە | ٨ |
| گەشەو فراژبوونی نەتەوایەتی | ١٥ |
| نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی | ١٦ |
| مافی دیاری کردنی چارەنووس | ١٧ |
| چۆنیەتی بەکارهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس | ١٩ |
| ئۆتۆنۆمی | ٢١ |
| یەکێتی فیدرلی | ٢٢ |
| کۆنفیدرلی | ٢٣ |
| یەکێتی یە کۆنفیدرالیەکان | ٢٤ |
| جیاوازی نێوان یەکێتی کۆنفیدراسۆن و فیدراسیۆن | ٢٦ |
| سەرچاوەکان | ٢٨ |


chalakmuhamad@gmail.com

# نەتەوە و نەتەوایەتی

سەرەتا

نەتەوە کۆمەڵە مرۆڤێکن کە بە کردارێکی مێژوویی خۆرسک پەیدا دەبن ، حاڵەتێکی دەروونی و ویژدانی نێزیکی و خۆشەویستی و کەسایەتی و خۆبەکەس زانینی نێو کۆمەڵگایەکە کە لە سەر بناغە و زەمینەی هاوبەشێتی و یەکێتی (زمان ، نیشتمان ، مێژوو ، هەست و نەست و داب و دەستوری کۆمەڵایەتی) هەڵچووە ...ئەمانەش بە هۆ و ماک و مەرجەکانی (نەتەوە ) دەژمێردرێن و پێویستن بۆ بوونی کۆمەڵێک بە (نەتەوە) ..کە پێداویستیەکانی ژیان و مانەوەی پەلەی ژیانی نێو دەروونی مرۆڤ وای کردووە بۆ پتر قایم کردن و خۆ پاراستن لە ناهەمواری و سەرسەختی سروشت و ژیان و(دەوروبەری دژی) لە یەکدی نیزیک ببنەوە و خۆ بدەنە پاڵ یەکدی و کۆمەڵی جوێ جوێ دروست بکەن و پێویستی پێکەوە ژیان و لێک گەیشتن (زمان) ی وەک ئامرازێکی لێک گەیشتن و بیر گۆرینەوەی دروست کردووە و پێکەوە ژیانی ماوەیەکی زۆر ، شێوە و جۆری ژیان و ململانێیان وای کردووە کە جۆرە هەستێکی هاوبەش و لێک چوو دروست بێت لە نێوانیاندا و بە سەرهاتی ژیان و مێژووی بۆ دروست بێت و شوێن و جێگای راوشکار و حەسانەوە و مانەوەیان خاکی سەربە ئەوان و خۆیانی دیاری کردووە و بەرە بەرە کۆمەڵێکی تایبەتی و جیاواز لە کۆمەڵێکی دیکە دروست بووە کە لە زۆر شتی زیندووی ژیاندا (زمان و خاک و هەستی هاوبەش و مێژوو) جوێ بوون ... ئەمە سەرەتای دروست بوونی نەتەوەکان بووە کە هەر نەتەوەیەی لە سنوری ئەو خاکەی خۆیدا هەوڵی ئەوەی داوە بە سەربەستی بژی گەر بۆی لوا بێت پەلی بۆ سەرخاکی دیکەش هاویشتوە ... شەڕ و هەراو خۆخۆری دەستوری سەختی ئەو زەمانە بووە بە پێشکەوتنی مرۆڤ و فراوان بوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و هەستهۆشی مەسەلەکانی مەعنەوی (خۆشەویستی و هاریکاری و دادگەری ئاین و مرۆڤ دۆستی بە مانا ساکار و سەرەتاییەکانی یەوە) خۆیان ترنجاندووەتە ژیانی مرۆڤەوە ... تا رۆژگار خولێکی دەدا مرۆڤ لە لایەنی رۆشنی ژیان و بوونی نێزیک تر دەبووە وە و دەستورە دڕندانیەکەی لە پاش خۆوە بە جێ دەهێشت .

chalakmuhamad@gmail.com

زۆرجارانیش رۆچوون (لەم بارەیەوە رووی دەداو مرۆڤ لە بەرژەوەندیە مادیەکانی بەرگە درندانیەکەی لە بەر دەکردەوە بە (منطق) ی باو باپیری مامەڵەی دەکرد.. پەلەی ژیان کە دەستوری هەرگیز نەگۆڕاو بنج داکوتاوی قولاییی دەروون و بوونی مرۆڤ بووە و دەبێت ، دروست کەرو داهێنەر و ماکەکانی (نەتەوە) یە کە بە پرۆسەیەکی مێژوو کردی خۆڕسک پێویستی بوون و مانەوە بەرەبەرە ئەو ماکانە سەر هەڵدەدەن و گەلاڵە دەبن و دەخەملێن... تا دێن زیاتر گەشە و نەش و نما دەکەن و رەگ دادەکوتن . ئەم چوار ماکی نەتەوەیە (زمان ، نیشتمان ، مێژوو ، هەست و نەست و داب و دەستووری کۆمەڵایەتی) هاوبەشە ، بنەماو بناغە مادیە پێویستەکانی نەتەوەن بەڵام دیسانەوە دەمێنێتەوە هەستی دەرونیە خۆ بە (نەتەوە) زانینە کە تیرەی بڕبڕەی بوونی نەتەوایەتی‌یە .

بێ ئەو هەست و نەستە هۆشدارو بێ هۆشانەیە ئەو ماکانە ناتوانن خۆیان نە (نەتەوە) یەک دروست کەن و نەیپارێزن و نەبەردەوامی پێ ببەخشن .

هەمیشە وەک گیانێکی مردوو دەمێنێتەوە کە بەرەو نەمان و لێک ترازان دەچێت ... ئەگەر چی ئەو هەستە لە زەمینەی ئەو ماکانەوە هەڵدەقوڵێن و پتەو دەبن بەڵام هەر خۆیەتی کە ئەوانە پێکەوە گرێ دەدات و مەفهومێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ژیاری و ژیانی دەداتێ .. بۆیە دەتوانین هەستی خۆبە (نەتەوە) زانی بە مەرجی هەرە گرنگ و مەعنەوی بوونی کۆمەڵێک بە نەتەوە دابنێین و بێ ئەم مەرجە و ماکە مەعنەویە (نەتەوە) نارسکێ ... ئەم ماکە مەعنەویە (هەستی خۆ بە نەتەوە زانینە) هۆکانی دالەنگاو و شەقڵ نەبەستووی تری وەک (زمان ، نیشتمان ، مێژوو ، هەست و نەست و داب و دەستووری کۆمەڵایەتی) یان پوکاوەی تێ دەنێتەوە و راست دەکاتەوە و هەتا دروستیش دەکات ، یان دەبێتە هۆی دابڕان و جیاوازی و لێک ترازان ... وەکو ئەوەی (پاکستان) و (هیندستان) و (بەنگلادێش) ، کە هەندێ هۆی ئایینی و کۆمەڵایەتی و مێژووی دەستیان بووە لە کز کردنەوە و کپ کردنەوەی ئەو هەستە ، بۆیە لە گەڵ بوونی چوار ماکە مادیەکەی تریشدا وەکو سێ (نەتەوەی) جیاوازن ... ئەم هەستەش خۆویست و هەڵقوڵاوی ناخانە ... هۆی تری پاڵدەر و پتە و کەرو بنج داکوتەر هەن ، بەڵام سەرەکی و پێویست نین ، وەکو (ئاین ، رەگەز ، ئابووری ، هاوبەش و یەکگرتوو) . بە مانا ئەگەر نەتەوەیەک (ئاین) ی

خۆیان و سەربەخۆ و جیاوازیان هەبێت پتر پتەو دەبێت و زووتر و دیاری تر ڕەنگی خۆی دەرێژێ و ڕەنگ و ڕواڵەتی نەتەوەی پێوە دیار دەبێت ...بوونی چەند ئاین و مەزهەبێکی جیا جیا پێشکەوتن و سەقام گیری ئەو نەتەوەیە دوا دەخات و هەتا دەشیخاتە بەر مەترسی پەرت پەرت بوون و لێک ترازان ، وەک (هیندیستان و پاکستان و بەنگلادێش) ... بەڵام هەمیشە ئەم تین و تاو ڕۆڵەی ئاین بەو جۆرە کاریگەر نابێت . ئەگەر چەند هۆیەکی تری لاوەکی و ناوەوەی ماکە بنەڕەتیەکانی (نەتەوە) یارمەتی نەدات ، چەوسانەوە و جیاوازی و جیاکاری و پیلانەکانی نێو دەوڵەتانیش ڕۆڵی گرنگی تێدا دەبینن . دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لەم بارەیەوە دەڵێ :(ئەوە راستە ئاین یەکێک لە دیاردەکانی نەتەوە نی‌یە بەڵام تەئسیری ئاینی لە سەر سەقام گیر بوونی نەتەوایەتی کورد لەو نمونەی خوارەوەدا تەماشا بکەین : **لە گەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە زیاتر پێشکەوتووە ، جوڵانەوەی نەتەوایەتی لە مهاباد زۆر بەهێز ترە چونکە کوردەکانی مهاباد سونین و کوردی کرماشان وەک فارس شیعەن** ... یان ڕاست دەکات کە دەڵێ: **(هاوبەشی ئاینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستووە ، چونکە ئیسلام وەک ئاینی هاوبەشی موسوڵمانان کراوەتە پەردەیەک بۆ داپۆشینی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی خەلیفەکانی بەغدا و پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان دیاری کردوو )** . دیارە لە گەڵ پێشکەوتن و فراوان بوونی ئاسۆی بیر و هۆشی کۆمەڵ و فراژوو بوونی ماکەکانی نەتەوە و بەرز بونەوەی هەستی نەتەوایەتی ، ئەم تین و تاوە سلبیەی (ئاینیش) دەوری نامێنێ ... لە سەردەمی پێشکەوتووی ئێمڕۆدا بیری نەتەوایەتی ڕێکخراوە سیاسیەکان دەتوانن بە تەواوی ئەم لایەنە بپوکێننەوە ، هەر بۆ نمونە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی باشوور شیعە بووە و چەندین (مەسیحی) و (یەزیدی) ، کاکەیی کاربەدەست و لێپرسراوی شۆڕش بوون بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی سلبی هەبێت ... هەروەها هاوڕەگەزی ، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باوی بووە و تا ڕادەیەکیش -بۆ ئەوسا- مۆرکی تیۆرێکی زانستیشی پێوە بووە ... بۆنمونە هەتا ماوەیەکی زۆریش (ئینگلس - Engles) باوەڕی پێ بووە ... تا ئەمڕۆژانەش کەم تا کورتێ هەن بۆ مەبەستی داگیرکەرانە و شۆڤینیانە لە ژێر پەردەوە بانگی بۆ هەڵدەدەن .وەکو بەعسیەکان .. بەڵاو بەند و باوی ڕەسەنی بالاو خوێنی پاک و هەراشایەتی (التفوق)

چ جێپێیەکی نەماوە لە رووی زانستی و فەلسەفی یەوە و رووی بازاڕی و نێو خەڵکیشی نییە ، ئەگەر چی هەمیشە چەکەرە کردنی ئەم جۆرە هەست و بەخۆ زانینە کۆنەپەرستانەیە لە ریزەکانی دەسەڵاتداریێتی کە لە چەوسێنەرەکاندا سەر هەڵدەدات وەک ئەوەی کە **(عیسمەت ئینونو)** سەرەک وەزیرانی تورک بە ئاشکرا لە پەرلەمانی تورکیادا ووتوویەتی :**(من هەستی خۆم ناشارمەوە و ، دەڵێم تورک خۆی گەورەی ئەم وولاتەیە ، ئەوانەی کە بە رەگەز تورک نین .. هیچ مافێکیان نییە تەنها ئەو مافە نەبێت کە نۆکەرو عەبد بن)**. زۆر لە داگیرکەرانی کوردستان - لە کۆن و نوێدا- ئەم بنێشتەیان جۆتەوە جا لە ژێر ناو و تەعبیری جیا جیادا... بەڵام لە سەرتاسەری مێژوودا ئەم رەگەز پەرستیە جگە لە مل شکانی خۆی زیاتر شتێکی لێ شین نەبۆتەوە . لە گەڵ ئەوەشدا کە یەک رەگەزایەتی و هاونەژادی هۆیەکی پتەوکردنی نەتەوەیە ، نەک وەکو مەفهومێکی فەلسەفی و ئایدۆلۆژی بە هۆی تێکەڵاوی و ژن و ژن خوازی و کۆچ و ئاین و پەیوەندیەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و قۆناغی گەلاڵە و دروست بوونی نەتەوە لەو خێڵ و هۆز و گەلانەی نەتەوەیان پێک هێناوە و ئەو شەپۆلانەی لە کۆنەوە بە سەر ئەو گەلانەوە بووە ، لە رووی زانستیەوە ، ناتوانرێ هەموو رۆڵەکانی یەک نەتەوە بگێرینەوە سەر یەک رەگەز و رەچەڵەک... ئابووری هاوبەش و یەکگرتوو و یەک شێوەیی بەرهەم هێنان وەکو هۆیەکی پاڵدەر و پتەوی (نەتەوە) و (نەتەوایەتی) لە بار و هەل و مەرجی تایبەتیدا ، گرنگیتی خۆی هەیە بەڵام نەهۆیەکی بنەڕەتی و نەخەسڵەتێکی ئەساسی نەتەوە نییە و بوونی کۆمەڵێ خەڵک بە نەتەوە چەند پەکی کەوتووە لە سەر(ئاینی هاوبەش) کەمتریش لە مە پەکی دەکەوێت لە سەر(ئابووری هاوبەش و یەکگرتوو) ... هێنانە پێشەوەی ئەم هۆیە بە یەکێ لە هۆ بنجی و بنەڕەتی یەکانی (نەتەوە) جگە لە هەڵوێستێکی سیاسی و ئایدۆلۆجی رووت چاترنییە و فڕی بە سەر زانست و (واقع) وە نییە و بە زۆر بەستنەوە مێخ کوتانی (نەتەوە)یە بە ماکێکی ئابووری بە ویقار، کە بە لای فەلسەفە و ریبازێکی دیاریەوە ، دەبێت خۆیێ ی چێشت و هەوێنی هەموو دیاردەیەک بێت ... سەیریش لەوەدایە کە ئەم بۆچونە هەزار و یەک بارە بە درۆ دەکەوێتەوە کەچی هەڵگران و لایەنگیرانی ئەو بیرە . یان هەتا خەڵکی دیش بە شێوەیەکی زۆر عەنتیکە خۆیان بەو بۆ چوونە نا دروستەوە ئەنوسێنن و زۆر جاران (حیلە شەرع) و پینە و پەڕۆی وای بۆ دەکەن هەروەکو ئەگەر تیۆرەکەی لە بەر رۆشنایی (واقع) راست کرێتەوە - کە خۆی داوای ئەوە دەکات کە واقع سەنگی مەحەکی تیۆر بێت - دنیا ژێرەو ژوور دەبێت و لە فرمایشتە ئاسمانی یەکە دا دارە لەنگێ....

که به لای ئێمەوە هەڵوێستی وا نەک هەر زانستانە نییە و بە تەواوی زیان لە تیۆرەکە دەدات نەک واقیعەکە چونکە تیۆر شەرع دانی واقیعە و ناتوانێ ئەگەر جووت و دروست نەبێت کاری تێبکات .. ئەو تیۆرە بە راست کردنەوەی لە بەر رۆشنایی راستیە بەرچاو و زانست و واقیعانەکە دا گیانی زانست دۆستی و خزمەت گوزاری دەردەخات ... بچوکترین بەڵگە بۆ پوچاندنەوەی ئەم بۆچونە ئەوەیە ئەگەر ئەو هۆیە بە راست بگیرێ دەبێ **(دەوڵەت)** و **(گیانی سیاسی)**ش ببێتە هۆیەکی بنجی و سەرەکی **(نەتەوە)**، بەڵکو پێشتریش لە هۆ ئابووریەکە ، چونکە (دەوڵەت)ە کە ئابووری هاوبەش دروست دەکات !!! کە ئەمەش مەحاڵە !

# نەتەوە

سەرەتای دروست بوونی نەتەوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە مرۆڤ شەقاوی گەورەی پێشکەوتنی خۆی ناوە ، لە بار و هەڵکەوتی ژیانی نێو ئەشکەوت و بەندەن و کۆچەرایەتی یەوە بۆ ژیانی شارستانێتی و جێگیر بوونی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە شوێنێکی دیاری و دروست کردنی گوند شارۆچکە و ئاوەدانی ، زەمینە گەلاڵە بوون و پێگەیشتن و کامڵ بوونی هەموو ماکەکانی دیکەی نەتەوایەتی وەکو(زمان و مێژوو هەست و نەست و دابو دەستووری) هاوبەشی خۆشتر و پتەو تر کرد ، بۆیە مەڵبەند و جێگە و نیشتمان دەتوانرێ بە مامانی هۆ و ماکەکانی دیکەی بزانرێ و ئەم ڕاستیە لە وشەی (Nation) ی زمانی ئەورۆپایەکاندا کە بۆ (نەتەوە) و (نیشتمان) بەکاردێت بە ئاشکرا دەردەکەوێ ... دیارە ڕۆژگارانێکی زۆر پێویست بووە بۆ تەواو ڕەنگ ڕشتن و دەرکەوتن و شەختە بەستنی ماکەکانی نەتەوە و کامڵ بوونی نەتەوە و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی ، کە بە تەواوی چەند سەدەیەک پێش زایین ، کە بە تایبەتی پاش بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی نووسین و فرە بوونی پێویستی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان و تێکەڵاویتی، قاڵبی سەرەتایی و ساکاری خۆی گرتووە ئەمەش بە ئاشکرا لە هەست و نەست و ڕەفتار و هەڵس و کەوت و چالاکیە فیکریەکانی یۆنانیەکان دا دەردەکەوێ ، جۆرج سارتۆن لە (مێژووی زانست) دا دەڵێ :(ژیانی یۆنانی لە گەڵ باڵا دەستی نەتەوایەتی و سیفەتی جیهانگەریتی ڕەسەنیدا بە سازگاری و ڕەسەنایەتی مابووە وە کە شانازی بە حازر و بڕوای بە داهاتوو نەتەوایەتی یەکی ساکار دەیبزواند) هەر ئەم هەستە ساکار و مەترسی بێگانەیە و دەست درێژیەی فارسەکان بوو لە کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایینداا هەموو یۆنانیە کانی یەک خست و سەربەخۆیی و بوونی میللیانی پاراست ، ئەم گیان و هەستی نەتەوایەتی یە لەوپەڕی بڵندی و سازگاریدا لە پارچەیەک هۆنراوەی (سیمۆنیدیس Simonides-) دا دەردەکەوێ کە لە ناوەڕاستی سەدەی چواری پێش زایینداا بۆ یادی شەهیدانی (ترمۆپیلای - Thermmeplae) نووسیوە ، کە لە ساڵی (٤٨٠) پێش زایینداا لیونیداس و سێ سەد سوارچاکە ئەسپرتیەکانی لەشکری یۆنانی لە گەرووی ترمۆپیلای بەر سنگی سوپای فارسەکانیان گرت و تا دوا پیاویان نەکوژرا نەیانتوانی بە سەرلاشەکانیاندا نەبێ تێپەڕن .. کە دەڵێ: ئەوانەی لە ترۆمپیلادا کوژران تیاچوونیان مەزن و بەختیان جوان بوو گۆڕیان ڕووگەیە .. پیاوان نایانەوێ بگرین بۆیان با ڕێزیان بگرن و ستایشیان کەن ، نەک بۆ بەختیان شین بکەن ئەم مەزارە نەگۆشە گیری و نە ڕۆژگارێ کە هەموو شت لە بن

دینیٰ ، دەتوانیٰ لە بیرمان وەبات . ئەمەش هەقی خۆیانە لە مەزارەکانیشیاندا ئەو سەروەری یە دانراوە کە لە یۆناندا رسکاوە ، ئەمەش (لیۆنیداس)ی ئەسپەرتی شایەتی بۆ دەدات کە لە داستانەکەیدا هەمیشە تاجە گوڵینەی جوامێری دەژێتەوە .

هەستی نەتەوایەتی و هاو وڵاتی هێندە باڵا بووە لای یۆنانیەکان : کاتیٰ سوکرات لە لایەن دادگای شارەوە حوکمی مردنی بە سەردا درا دەیتوانی خۆی دەرباز بکات ، لە پاش زۆر لێکردنی ئاوەڵەکانی ئەرستۆ ، بە شکاندنی دەستوور و حوکمی وولاتەکەی رازی نەبوو - کە دەشی زانی ناڕەوایە - و ووتە بە ناوبانگەکەی خۆی راگەیاند کە :**یەکەمین ئەرکی هاووڵاتی ئەوەیە کە مل کەچی یاساو دەستوراتی وڵاتەکەی بێت ئەگەرچی بە چەوتیش بەڕێوە ببرێت !!** . پێش ئەمانیش جولەکەکان چەندین سەدە پێش زایین هەستی نەتەوایەتی توندیان تێدا چەکەرەی کردبوو . هەتا سەرەتاکانی خۆپەسەندی شۆڤێنیش بە ئاشکرا لە (تەورات) یاندا دیارە ... هەروەها لە نێوان چینیەکاندا چەندین سەدە پێش زایین هەستی نەتەوایەتی و خۆنازین و جیاوازی دانان لە نێوان خۆ و بێگانەدا بووە ... و (شورەی چینی مەزن) جگە لەوەی بۆ بەرگرتن لە پەلامار و شالاوی مەغۆلیان دروست کراوە ... چەپەریش بووە لە نێوان (چینی) و بێگانە درندەکاندا ئەوان هەتا خەڵکی بێگانە چینیان بە کەمتر دادەنا لە خۆیان ... ئەم هەستە ، لە تەک هەستی خێڵایەتی و هۆزگەری پێش ئیسلامدا لە نێو عارەبەکاندا یەکجار بەرچاو و دیار بووە ... لە کاتێکدا کە میللەتانی دەوروبەریان هەر لە قبطی و عیبرانی یەوە تا فارس و رۆمیەکان لە رووی ژیانی ژیاری و شارستانیەتی یەوە زۆر لە مان پێشکەوتوو تر بوون ... ئەمە ئەوە دەردەخات کە شارستانێتی و پێشکەوتن هۆیەک نەبوون بۆ ئەو جیاوازی و هەتا خۆ بە زل گریەش... بەڵکو هەستێکی دەروونی و خۆرسکی نێو دەروونی مرۆڤە و روویەکی سروشتی و هەندیٰ جار سلبی (پەلەی ژیان) ە ... عارەبەکان هەموو گەلانی غەیری خۆیان بە کەمتر دەگرن و هەر وشەی (عجم) و (اعجمی) کە لە بنەرەتەوە مانای (ئاژەل) ە ... و بۆ هەموو نا عارەبێکیان بەکاردێنا... ئەو هەستی خۆ بە زل گریە و خەڵکی بە کەم گرتنەی تێدا رەنگ داوەتەوە ... قورئانی پیرۆزیش بە ئاشکرا ئەم لایەنە دەردەخات و راستی دەکاتەوە .. و دەفەرموێت :( انا خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم) ... جگە لە راست کردنەوەی باری ناسروشتی هەستی نەتەوایەتی کە ئەو رۆژانە بیر و ئەندیشەی مرۆڤ هێندە تیٰ هەڵنەکشا بوو لانە مەعنەوی و چاکەکانی بیروهۆشی مرۆڤ تێکەڵ بە بیر و بیرکردنەوەی نەبوو بوو و لانە ئاژەڵی و

سلبیەکەی (پەلەی ژیان) زالْ بووە بە سەر بیرو هەست و رەفتاریدا ... راست کردنەوەی ئەم چەوتی‌یەوە نەکردوە کە بە سەر (نەتەوە و نەتەوایەتی) یدا باز بدات و بیەوێت بە بڕیارێک (الغاء) ی بکات کە ناکرێت ، بەڵکو خستویەتییە سەرباره سروشتیەکەی خۆی .. کە بە پێی حیکمەتێکی خوایی و دەستوراتێکی سروشتی ئەم خەڵکە چۆن هەموو لە نێر و مێ کەوتونەتەوە ... ئاواش بوونەتە چەند هۆز و گەل و نەتەوەیەک . بۆ ؟؟ ... ئالێرەدا هەرچی لانی سلبی هەیە لە (نەتەوایەتی) دەشواتەوە ... و دەفەرموێ : بۆ لێک گەیشتن و گوزەران کردن و پێکەوە هەڵکردن و ئالْ و گۆری بیر و بەرژەوەندی ئیجابیانە - لتعارفوا !! - بە تەواویش بەر لە هەموو خۆ بە زل گری و شۆڤینی و ملهوریەکی پووچیش دەگرێت ...(ان اکرمکم عند الله اتقاکم) کۆتایی یە بە هەموو فیز و نازوو بە خۆ نازینێکی نا دروست دەهێنێ ...هەڵکەوتوویی و بەر دلی هەموو تاک و گەل و نەتەوکانیش دەگرێتەوە بۆ سەرچاوە (تقوی) کە لێرەدا تەنها مەبەست پەیڕەو کردنی دەستوور و یاسای ژیانی نێو کۆمەڵ و سروشتی یە خوا رسکەکانە ... کە بەر لە هەموویان ئەو (تعارفوا) یە و حکم و حسێبەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردگار خۆی ... دەیان (فەرمایشت) و (فرمانی) پێغەمبەریش بۆ ئەم لایەنە تەرخان کراوە ... کە گەورەترین بەڵگەیە بۆ بوونی (نەتەوە) و (نەتەوایەتی) لە هەردوو دۆخی (دروست و راستی و سروشتی) و **(چەوت و لادراوی)**... هەر ناو لینانی**(موالی)** لە سەردەمی ئەمەویەکاندا بۆ ئەو نەتەوە و گەلە موسولمانە نا عارەبانیانە ، خۆیان نیشانەی بوونی هەستێکی دروست و سروشتی نەتەوایەتی رەوای گەلانی نا عارەب و شێواو و مل هوڕیی ئەمەویەکانە کە پاش ئەو هەستە رەوایە ، هاندەری هەموو شۆڕشە مەزن و رەواکانی گەلانی چەوساوە و ژێر دەستەیی نا عارەبی بووە و بزووتنەوە و شۆڕشەکانی (شعوبی) یەکان پێشکەوتووترین و رەوا ترین چالاکی و خەبات و هەستی ئەو گەلە چەوساوانە بوون بە رووی لادان لە سەرەتاکانی ئیسلامیتی ... پشتگیری ئەو بزووتنەوانە لە لایەن (ال السبت) و بە تایبەتی نەوەکانی ئیمامی عەلی یەوە - کە خۆیان عارەب بوون - ئەو گیانی دۆستایەتی و هاوکاری نێو نەتەوەیی یە لە بالاترین شێوەکانیدا نیشان دەدات ... ئەمە جگە لە هەموو بەند و گوزارە و هۆنراوە و قسە نەستەقانەی کە لە کۆنەوە بۆ لەسەرخۆ کردنەوە و خۆ هەڵدانەوە یان سووکایەتی کردن بە خەڵکی دیکە لە نێو ئەدەبی عارەبی دا هەن ..ئەو لایەنی ململانێ میللی یە دەردەخات لە نێوان هەولی

ئیستسغلال کردنی ئیسلام و کردنە بەهانە بۆ خۆ سەپاندن بە سەر نەتەوەکانی دیکەوە و ئەو هەوڵە پێچەوانەیەی گەلانی دیکە دەیاندا بۆ نەچوونە ژێر ئەو بارە چەوتەوە نیشان دەدات ... هەر لە کۆنەوە ئەو هەستی خۆ بە زل گری یە لە لایەن جولەکەکانەوە سەری هەڵداوە ترنجێنراویشەتە نێو تەوراتەوە و بۆتە بەشێک لە باوەڕی ئاینیان ... هەر ناوی **(گەلە هەڵبژاردەکەی خوا)** کە لە قورئانیشدا وا ناوێک هاتووە ئەم راستیە بە ئیسپات دەگەیەنێت !! .

جا وانەبێ (نەتەوایەتی) کە هەست و بیر و ئەندێشەیەکی هەڵقولاوی بوون و قەوارەی (نەتەوە) یە ... بریتی بێت لە ململانێ و پێکدا چوون و بەرچاوتەنگی ئەو نمونانەی سەرەوە هەندێکیان هەستی سروشتی و ڕەوای دەروونی ئەو کۆمەڵانە بووە و هەندێکیان هەستی لە سەر خۆکردنەوە و (رد الفعل) ێکی ڕەوای بارێکی سەپاو بووە ... بەشێکیش لەوانە باری نەگونجاو و نالەبار و شێواوی هەستی نەتەوایەتین .

کە شتێکی ئاسایی یە لە ڕۆژگار و سەردەمانێکی وەکو ئەو ڕۆژانەدا کە هێشتا بیر و هۆشی مرۆڤ هێندە تێ هەڵکێشاو نەبووە و مرۆڤ لە بارێکی هۆش و دەروونی ئەوتۆدا نەبووە کە بتوانێ لانی ئیجابی (پەلەی ژیان) ی کۆمەلایەتی بەڕێوە بەرێت و ئەو **(پەلەی ژیانە)**لە ئاست و هەڵکەوتێکی فیتری و خۆرسکی وا دا بووە تەنها بەری ململانێ و خۆ قایم کردنەکەی دیوە ... بەڵام لە گەڵ تێ هەڵکێشانی بیر و هۆشی مرۆڤ و تێکەڵاو بوونی بابەتە مەعنەوی و مرۆڤانەکەی لانی ژیانی ئەو هەستەش نەرم و شل تر و هەتا هاتۆتە سەربارە سروشتیەکەی خۆشی... لەو ڕۆژانەدا ئاینە ئاسمانیەکان - بە تایبەتی فەلە - (مەسیحی) یی و ئیسلامێتی- ڕۆڵێکی گرنگیان دیتووە بەتایبەتی ئاینی- فەلەیی - کە گەلانی ئەوروپای تەواو تێک هەڵکێشاوە و لە بەرئەوەی لە نێو هیچ کام لەو گەلانەدا هەڵنەقولاوە ، هەمووان چوون یەک بە هی خۆیان زانیوە ... بام لە بری توند ڕەویە میللی و ململانێ نەتەوایەتییە کە ململانێ ی مەزهەبی ئاینی شێن بووبێتەوە - کە جەنگی خاچەکان - شەڕەکانی پرۆتستانت و کاثۆلیکی نموونەیان زۆرن هەتا لە نێو یەک نەتەوەشدا ... بە کورتیەکەی (نەتەوە) زادەی کردارێکی سروشتی و دیاردەیەکی خۆرسکی ژیان و بوونە و لە سەرەتای جیلوە بەستنی خەسڵەتەکانی (نەتەوە) کە (زمان و نیشتمان و مێژوو و هەست و داب و دەستوری) هاوبەشە .. بوە و (هەستی نەتەوایەتی) کە چوارچێوەی سروشتی(پەلەی ژیان) ی کۆمەڵایەتی و تاکان بووە و لێوەی هەستاوە و پەیدا بووە ...

ئەمەش بوونێکی مەوزووعانە بوە و دەبێت... ئەوسا دەوروبەر و بارو هەلومەرجی تایبەتی هەر شوێن و کات و سەر دەمێک ... باری ئەو هەست و نەست و بوونەی دیاری کردووە ... لەو پەڕی هەستێکی مت بووی لێ براوە وە تا ئەو پەڕی توند ڕەویی و زیاد ڕەویش ... بەڵام هەمیشە بوونێکی سروشتی و مەوزووعیانە بووە و بەرەو ئەو بارە سروشتی و پێویستی یەی ڕۆیشتووە و دەڕوات . کە بە لانە ئیجابی و خێرمەندو چاکەکانی پێکەوە ژیان و هەڵکردن و هاوکاری سیما گربێت و بکەوێتە سەر ئەو بارە سروشتی یەی کە دەگونجێ لە گەڵ هەستی برایەتی و یەکسانی و بەرابەری و هاوکاری ئیجابیانەی نێو گەلان ، لێرەدا ئەوە ماوەتەوە بڵێین کە ئەو لادان و ئیستیغلال و خراپ بەکاربردنەی هەستی نەتەوایەتی وای لە هەندێ کەس کردووە ، بۆ خۆلادان و خۆپاراستن لە سەر ئەنجامە سلبی و دزێو و نا مرۆڤانەکەی دەمارگیری و شۆڤێنیێتی و نەهامەتی یەکانی دیکەی باری ناسروشتی و لادراو ی ئەم هەستە ، بە توندی دژی ئەو بوون و هەڵکەوت و هەستە بوەستنەوە و سەر لە بەری ئەو هەست و بوون و هەڵکەوتە بە چاک و خراپ و ڕەوا و نارەوا و سروشتی و لادراو و دروست و شێواویەوە ڕەت بکەنەوە و بە بەڵای گەورە و سەرباری هەموو بەڵاو نەهامەتیەکانی مرۆڤی دادەنێین ... ئاسودەیی و بەختەوەری مرۆڤ لە نەمان و (تخلي) و گۆڕە و شاریدا ببینن ، ئەمانەش هەر لە کەسانی خێر خوا و مرۆڤ دۆستی ساویلکە و تا کەسانی نائاگا و بیر چەوت و بە هەڵە چوودا دەگرێتەوە ... کەسانی مرۆڤ دۆست و سۆشیالیستخواز و بێ نیاز و ملهوڕیشیان تێدا بووە ... لە ئیفلاتوون و مارکس و ئیمپراتۆرەتەکانی ڕۆما و ناپلیۆنەوە تا کەسانی کۆسمۆپۆلیتی و بێ ڕەگ و ڕیشاڵ بوون کە ئەو بانگەوازە هەڵبدەن ... بەڵام نیاز و خوازی هەریەکەیان جیا بووە ... با هەموشیان لە خاڵی بە هەڵە چونەوە بە هەڵە بردندا یەک بگرێتەوە ...گومان لەوادا نییە ئەوەی مارکس گۆتوویەتی بێ نیاز و مرۆڤ دۆستیە .

با هەڵەش بێت ... جیایە لەوەی کە ناپلیۆن دەیووت : **هەموو نەتەوەکانی دنیا تێک دەشێلم و یەک نەتەوەیان لێ دروست دەکەم !!** ئەوەیان قووڵ نەبۆتەوە و بە هەڵەدا چوونە و ئەمیشیان نیاز خراپی و خۆیە هەڵە بردن !! . هەڵوێستی هەوڵی تێدا بردنی (نەتەوە) و (نەتەوایەتی)لە ژێر هەر ناوێکدا بووبێت . هەڵوێستێکی زانستانە نەبووە و نییە ، چونکە چارەسەری شێوە و لادان و هەتا لانە سلبی یەکانی ئەم دیاردە خۆرسکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێت لە بەر ڕۆشنایی تێ خوێندنەوەی واقع و هەڵکەوتی ڕۆژ و زانست بێت و بزانرێ چۆن و بە چ ڕێگایەک ئەو خۆهەڵبژاردنە دێتە ئەنجام .

ئەگینا "لغو" و هەڵوەشانە و بازدانە بە سەر واقیعی نەتەوە و نەتەوایەتی دەچێتە خانەی (رد الفعل) ێکی نادروست و سەرنەکەوتووی نەتەوایەتی و هەستی خۆ بە زل زانین . بوونێکی مەوزووعی و سروشتی و زیندوویی هەیە . کە سەر ئەنجام و ئاکاری خرابیشی لێ دەکەوێتەوە ، بەڵام چارەسەری ئەو سەرئەنجام و ئاکارانە تەنها سلبی و خراپەکانی و گەشە و پتەوکردنی لانە ئیجابیەکانی دەبێت ... هەستی نەتەوایەتی رووپەکی غەریزەی (پەلەی ژیان) ە ... نەهێشتن و هەڵتەکاندنی تەنها بە گۆرینی هەڵکەوت و جەوهەر و غەریزەی مرۆڤ دەبێت . کە ئەمەش مُمکن نییە ... بەڵام دەتوانرێ بخرێتە خانەی سروشتی خۆیەوە .. وەکو ئەوەی کە غەریزەی جنسی بێ پرس و رای کەس هەیە و هەر دەورێکی کۆمەڵایەتی و مەترسیەکی بەرچاوی بەر بەرەڵا کردنی بۆ هەستە غەریزەیە .. دیارە چارەسەری ئەنجامە سلبی و خراپەکانی بە (رەهبەتە) و خۆبەستنەوە و تەرک کردنی غەریزەکە نابێت ... چونکە ئەو داوایە لە گەڵ هەڵس و کەوتی مرۆڤدا دژوارە و ناگونجێ ... بۆیە باری ناسروشتی بەرەڵایی و (اباحیەت) چەند دزێو و نارەوا و خراپ رەهبەنە خۆبەستیش ئەوەندە دژ بە هەڵکەوتەکەی مرۆڤە .. چاری سروشتی و زانستانە ئەوەیە کە لە گەڵ دانان و هەق دان و رێزلێ گرتنی ئەو غەریزەیە . دەبێ لە سنوور و رێ و شوێنی سوشتی و مرۆڤانەی خۆی بچەسپێندرێت .. نەک رێشەکێش کرێت .. کە ناکرێت !!

دیارە ئێمە پێویستیمان بە موناقەشەی ئەوە نییە کە **نەتەوایەتی هەستی چینی بورژواو بەرهەمی سەردەمی سەرمایەداریی یەوە بە نەمانی ئەمان نامێنێ** ... و لەم بۆچونە سیاسیانە . کە تیۆرێک ئەو جۆرە بۆچونانە پێویست بکات .. دیارە بار و هەل و مەرجێ کە بنیاتنەرانی ئەو تیۆرانەی تێدا بوون سەرنجی بە هەڵەدا بردن و ئەم هەڵەیەی پێکردوون .. لە کاتێکدا کە بە هەڵە دەرچونی ئەو گوزارشتانە پەکی تیۆرەکە ناخات هێندە سوربوون و پێ داگرتن لە هەڵەکە ئەوەش پێویست دەکات کە تیۆرەکان لە سەرروشنایی و (معطیات) ی واقع راست کرێتەوە چونکە واقع تاکە بوار و چاکترین تاقیگەی دروستی سەلماندی تیورە ، ئەگەر هەڵکەوتێکی واش هاتبێتە پێش کە لە سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و گەشەی بورژوا دا ئەو بارو هەل و مەرجا نە پێش هاتن، کە (نەتەوە) و (نەتەوایەتی) بتوانن قاڵبێکی نوێ و گشتی بەرچاو بگرن . یان بورژواکان بۆ مەبەست و خواستی خۆیان ئەو هەستە یان فیچاندبێتەوە و لادا بێت وئیستغلال کردبێت ، چ لە رەوایەتی و بوونی واقیعانەی ئەو هەست و بوونە ناگۆرێ چونکە هەرچی شتی دیکەی رەواو پاک و دروستی تر وەکو (مرۆڤایەتی و ئاین و ژیارو شارستانیتی و سۆشیالیزم و مافی گەلان و بەرژەوەندی) و هەموو

شتێکی دیکە قابیلی ئەوەیە ئیستغلال بکرێت و بکرێنە کەندەلان بۆ ڕاوە خەڵک و هەتا بەکارهێنانیان دژی جەوهەری ئەو شتە پاکانە .. هەر بە ناوی مرۆڤایەتی و گیانی مرۆڤانە ئەسکەندەر و ناپلیۆن و قەیسەر گەلانی دنیایان داگیر دەکرد و قەلاچۆدەکرد و ئاین گەورە ترین دەمامکی رووی هەزاران هەزار پیاو خراپ و مل هوڕ بووە بە رادەیەکی وا بە هەڵە بە (تلیاک) لە قەڵەم بدرێت .. و بە ناوی ژیاری و شارستانێتی گەلانی ئاسیاو ئەفریقا (داگیرکرا) ... و گەورەترین ئیدیعای ئیستیعماری ئینگلیزی پەیامی پیاوە سپی یەکە و گوێزانەوەی شارستانیەت بووە دەیان گەلانیان دادۆشیوە و چەندین ساڵ دیل و ژێر دەستیان کردوون ... هەر (وصایە) و چاودێری گەلان و مافەکانی بووە بۆتە پسوڵە لە لایەن (عصبە الامم) وە بۆ ئیستیعمار کردن و ژێر دەستە خستنی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی ... هەزاران رەدەڵ و بەدەڵ و کاری ناپەسەند لە ژێر مێزەر و ناوی سۆشیالیزمدا دەکرێت .. هەر بۆ نمونە کەسێکی سەرخەتی چینی چی بە سۆڤیەت دەڵێ و ئەوەی سەر بە سۆڤیەت چ بە (ماو) یەتی دەڵێ !؟ و هی تریش ...دیارە ئەم شتانە وەکو نەتەوە و نەتەوایەتی خێری رووتن ئەگینا چۆن دەتوانرێ خەڵکیان پێ بچەوسێنرێتەوە ؟!. لە هەموو ئەمانە بە دەر ئەگەر هەستی نەتەوایەتی گەلێکی باڵادەستی گەورەبوون و مەترسی لادان و شۆڤێنیەت و مل هوڕی و دەست درێژی لێ بکرێت ، ئەویش بە بەکارهێنانی چەوت و نا دروستانەی ، هەستی نەتەوایەتی و بیری رزگاریخوازی نەتەوایەتی گەلانی چەوساوە و ژێر دەست و مافی خوراو . تەواو خێرێکی رووت و رەوایەکی بێ خەوش و گەورەترین کاریگەرترین هاندەری بوونی مرۆڤانە و هەق پەرستانە و رزگاری ئەو گەلانەیە ... بەند و باوی بەرچاو تەنگی و تەنگ نەزەری و خۆ وێک هێنانەوە و بەربوون ، بانگەشەیەکی ئیستیعماریانەی داگیرکەرانی نارەوا و نادروست و فیلاوی یە بۆ سارد کردنەوەی گوڕ و تا و تین و خورتێتی هەست و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی میللی بۆ شل کردنەوە و پوکاندنەوەی ئەو گیانە بەرگری یە و بۆ گومان دروست کردنە لە رواڵەتی خەباتی رزگاریخوازی و فرسەت هێنانە لە شۆڕشگێران و گیانی خۆ دان بە دەستەوە و ساردکردنەوەی (مصالح) ی بورژوایانەیە ... و بەس کە بەداخەوە ئەم دیاردەیە تا رادەیەک بە سەر هەندێ ساویلکەدا تێپەڕیوە !

chalakmuhamad@gmail.com

# گەشە و فراژبوونی نەتەوایەتی

(نەتەوە) وەکو دیاردەیەکی سروشتی و خۆرسک کە لە سەر شەختە بەستن و گەلاڵە بوونی ماکەکانی نەتەوە (زمان نیشتمان مێژوو داب و دەستوور و هەستی) هاوبەشی پەیدا بووە هەمیشە لە بەردەم گەشە و نەشونمایەکی بەردەوامدایە کە چەندایەتی و چوونایەتی ئەو گەشە و فراژبوونە دەکەوێتە سەر گەشە و کامڵ بوونی ئەو ماکانە ... بۆیە شتێکی زیندوو ستاتیکی یەو لە گەڵ ژیاندا هەنگاو هەڵدێنێ ...مەودای وەستان و ووچانی نییە .. لە بەر ئەوە چەندین قاڵب و چوارچێوەی تایبەتی و جیاواز بە خۆیە دەبینێ بە پێی ئەو هەلو مەرج و هەڵکەوتە دەگۆڕێ و قاڵب بەست دەبێت... دیارە کە شتێکی چەسپاو نەگۆر نییە و پێ بە پێی تێهەڵکشانی مرۆڤ و کۆمەڵگا تێهەڵدەکشێ و فراژوو دەبێت بۆیە چەند شەقڵ و شێوە و قاڵب بە خۆیەوە دەبینێ یان لە چەندین چوارچێوە و قەوارەدا خۆی دەردەخات ، بەڵام هەمووی لە ناوەرۆکدا دەلالەت لە یەک شتی دیاری دەکەن بەڵام لە چەند بارێکی جیاوازدا .. لەم عەمەلیەیەی بەرە و پێش چوون و هەڵکشانی فراژووبونەدا (نەتەوە) و (نەتەوایەتی) بەرەو شەقڵی پێشکەوتوو کامڵی تێهەڵدەکێشێ و کاتێ دەگاتە پلە هەرە باڵا و دواییەکانی کە هەموو بەربەست و جیاوازیەکانی نێو تاکەکانی کۆمەڵگە روو لە نەمان بوون ... بە مانا کاتێ نەتەوە و نەتەوایەتی دوا شەقڵی خۆی کە کۆمەڵەیەکی گونجاو هاتە پێش ئەوەی کە چینی هەڵکشاو و داکشاوی تێدا پاکتا و بوو... بوونی چینەکانی جیا جیا و **(هەڵکشاوداکشاو)** و **(زۆردارو زۆر لێکراو)** و **(بەش خوراو و بەش خۆر)** - بە مانایەکی فراوان کۆمەڵگەیەکی چینایەتی- سەربەست لە رێی پەیدا بوونی کۆمەڵگەی نەتەوەیی راستەقینە و کامڵ ... لە گەڵ نەمانی ئەو جیاوازی و نەگونجانە ، کۆمەڵگایەکی پتەوی سفتی چوون یەکی نەتەوەیی دێتە پێش ...کە بەمە بە تەواوی لە هەموو لانە سلبی یەکانی **(ناوەوە و دەرەوە)** ی نەتەوایەتی رزگار دەبێت و سەردەمی نەتەوایەتی راستەقینە و لانی ئیجابی دێتە پێش کە لە سەر بناغەی هاوکاری و دۆستایەتی رێزی بەرانبەری نەتەوەکان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەختەوەر دروست دەبێت .

chalakmuhamad@gmail.com

# نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی

نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی دوو شتی جیاواز و لێک ترازاو و بەرامبەر یەک نین ، تا (مفاضل) ەو پێک گیریان لە نێواندا بکرێت ...مرۆڤایەتی هەستێکی مرۆڤانەی نێو دەروونی مرۆڤە کە داخوازی دۆستایەتی و هاوکاری و گیانی برایەتی و تەبایی نێو گەلان داوای دەکات ... و پێشکەوتن و تێهەڵکێشی بیر و هەست و هۆشی مرۆڤ دروستیان دەکات و پێویستیان دەکات ... مرۆڤایەتی بارێکی کۆمەڵایەتی یە ، قەوارەیەک و دیاردەیەکی ماددی ژیانی مرۆڤ نییە .. بەڵکو تەنها هەستێکی هاوبەشی خۆ بە مرۆڤ زانین و دۆستایەتی نێو مرۆڤە ...هەڵکەوتێکی باڵادەست و ژووروی نەتەوایەتی نییە ... بۆیە دەتوانین بڵێین مرۆڤایەتی نەتەوایەتی ، راستەقینە و دروستە ، نەتەوایەتی لە پلە و باڵاو گەشەکانیدا... نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی دوو شتی جیاواز و خوار و ژووری یەکتری نین ... دوو ڕووی هەڵکەوتی مرۆڤایەتین ، کە دیوە بەرچاو و بە هەست و واقیعی و ماددیەکەی نەتەوایەتی و دیو ئایدیاڵ و هەست و هۆشیەکەی مرۆڤایەتی نییە ...جیاکردنەوەی هەرکام لەم دوو ڕاستیە ترازاندنی تەرازووی هاوتایی باری سروشتی دەروونی مرۆڤە ... هەست و بڕوا و هەوڵی دابڕاندنی نەتەوایەتی لە مرۆڤایەتی شۆڤێنێتی و لادان و داگیرکردن دێنێتە پێش ، کە پتر سیمای ئەو نەتەوایەتی یە شێوا و لادەرەی ئەوروپیان بووە کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا کرا بۆ چارشێوی فەلسەفەی ئیستیعماری ! هەروەها دابڕاندنی مرۆڤایەتی هەوڵی شوێن گرتنەوەی نەتەوایەتی و بازدان بە سەر واقیعی بوونی نەتەوایەتی یەوە ، بیروڕا ئیمپریالیە کۆسمۆپۆلیتەکان دەرسکێنێ و لە کۆندا بەهانەی (کۆرش و ئەسکەندەر و ناپلیۆن و قەیسەر) و دەیان ملهوڕی جیهان خۆر بووە بە ناوی جیهانگەڕیەوە و گەلانی دنیایان ژێردەستە و داگیرکردەوە و چەوساندۆتەوە ... ئیمڕۆش گەورەترین بەربەست و یەک خەری تین و تەوژم و گوڕی ڕزگاریخوازانەی خەباتی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازە ... نەتەوایەتی ڕاستەقینە لە مرۆڤایەتی جیاناکرێتەوە و (ماتزینی) رابەری دیار و هەڵکەوتووی یەکێتی ئیتالیا لەم بارەیەوە دەڵێ :**(ئێمە کە کارێکی دروست بۆ نەتەوەکەمان بکەین کارکردنە بۆ مرۆڤایەتی...نەتەوەکەمان دەبێ چەقی ئەو هەوڵە بێت کە بۆ خێری گشتی دەیکەین...ئەگەر ئەو پشت و چەقە دابین نەکەین ئەوا نەک خێرمان بۆ مرۆڤایەتی نابێت ، بۆ نەتەوەکەشمان چمان پێ ناکرێت)**

# مافی دیاری کردنی چارەنووس

بەپێ ی یاسا و دەستوراتی سروشتی و زانستی و مەنتیقی و گیانی نێو نەتەوایەتی و بریارەکانی دەزگا و دەسەلاتدارە پێشکەوتوخواز و نێو نەتەوەییەکان هەر کۆمەڵە خەڵکێک ماکەکانی "نەتەوە" ی تێدا جیلوە بەستبێ و خاوەنی "زمان و نیشتمان ومێژوو وداب و دەستوورو هەستێکی" هاوبەش و تایبەتی و سەربەخۆ بن خۆیان بە " نەتەوە " بزانن ... مافی ئەوەیان هەیە کە لە سنووری نیشتمانەکەی خۆیاندا چارەنووسی خۆیان لە دەستی خۆیاندا بێت هیچ دەسەلاتێکی ماددی و مەعنەوی بێگانە مافی دەست تێوەردان و سنوور بۆ دانانی نەبێت ... بە کورتیەکەی(**هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕوشنبیری و سەرجەم چالاکی و بوونەکانی مرۆڤایەتی خۆی بە دەستی خۆی بەڕێوە بەرێت و دوا ڕۆژی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری بەو پەڕی سەربەستی و بێ هیچ دەست تێوەردانێکی دەرەکی یان مل هوڕی ناوخۆ دیاری بکات).**

دەتوانین شۆڕشی ئەمریکای گەورە و سەرەتای شۆڕشی فەرەنسای گەورە کە (دادگەری و برایەتی و یەکسانی) بووە ، بە بناغەی دیاری و بەرچاوی سەردەمی گەلان و مافی چارە نووسیان حسێب بکەین و بۆ یەکەمین جاریش وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی(مافی دیاری کردنی چارەنووس) لە ١٨٩٦ دا لە کۆنگرەی پارتە سۆشیالیستە و هەڵبژاردنە- نێو نەتەوەیەکان - لە لەندەن و بریاری لە سەر دراوە و دەڵێ :(**کۆنگرە پشتیوانی لە مافی چارەنووسی هەموو نەتەوەکان دەکات)**... جارێکی دیکە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرۆک کۆماری ئەمریکا ویلسۆن لە ساڵی ١٩١٨ دا لەو چواردە خاڵەی کە بەناوی سەرەتاکانی ویلسون بلاوی کردەوە پشتگیری (**مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلانی ژێر دەستەو چەوساوەی کردوە)** ئەگەر چی سەرتاسەری رووپەڕەی مێژووی ئەمریکیەکان ، بە تایبەتی پاش جەنگی جیهانی دووەم ، دوژمنایەتی و پێ شێل کردنی ئەو سەرەتا و مافانە بووە ... هەروەها کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بروانامەی خۆیدا بروای هێناوە بە (**پێویستی یەکسانی و هاوتایی هەموو میللەتەکانی جیهان و مافی چارەنووسی خۆیان) ...** و لە زۆربەی بەڵگەنامە و بروانامە کانی نێو دەوڵەتیدا ئەم مافە بریاری لە سەردراوە و پارێزراوە - با هەر بە دەم و نوسینیش بێت - . کاتی خۆشی لینین بە درێژی و روونی لەم مافە دواوە و رێ و

شوێنی دیاری بۆ کێشاوە کە بۆ سەردەمی خۆی بەهایەکی هەبووە و ئیمڕۆش لانی روونی تا رادەیەک هەر ماوەتەوە با بە پێی داخوازی و هەڵکەوتی فەلسەفەکەی خۆشی نەیتوانیبێ تەواو و تا ئەو پەڕ و بە قولایی مەسەلەی نەتەوایەتی و مافی دیاری کردنی چارەنووس رۆچوبێت و لە بنکە نیگای دوژمنایەتی ئیستیعمار و هاوسەنگەری بزووتنەوە رزگاریخوازیەکانی گەلانی چەوساوە و بزوتنەوەی سوسیالیستخوازانەی پرۆلیتاریاوە سەرنجی دابێت ... بەلاّم هەر دەقە زیندوەکانی وەکو بۆچوونێکی زانستی و نێوی تەواو و بەڵگەی بەرچاو روونی دەمێنێتەوە .. کە دەڵێ :(دەبێ لە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی دا وا بگەین کە مافی دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆیە .. و لە ساڵی ١٩٢٥ دا دەڵێ :(ئێمە پشتگیری مافی گەلانی چەوساوە بە سەربەخۆیی دەکەین واتە مافی ئازادی و جیابوونەوە لە نەتەوەکانی دیکە)... ئەم هەڵوێستە بێ خەوشە لە سەردەم و کاتی تایبەتیدا و کە بەشێک دەبێ لە خەباتی راستەوخۆ دژی سەرمایەداری و وولاّتانی ئیستیعماری زمانی تێدا ناگیرێ . بەلاّم هەندێ مەرج کاری لە باری تایبەتی بۆ دانراوە ، کەخۆی لە خۆیدا بەستنەوەی نارەوای ئەو مافەیە ، ئەمەش بە پاشکۆ و کەم ئەهەمیەت تر دادەنێ لە خەباتی بۆ سۆسیالیزم .. هەرخۆی لینین لە ١٩١٩ دا دەڵێ :(مەسەلەی نەتەوایەتی لە چاو مەسەلەی پرۆلیتاریادا بە پلەیەکی کەم گرنگ تر دەبێت) و لەمەش تێپەڕ دەبێت و دەڵێ :(هیچ مارکسییەک ، بێ ئەوەی لە سەرەتاکانی مارکسیزم و سۆسیالیزم نەچێتە دەرەوە ناتوانێ دان بەوەدا نەنێ کە بەرژەوەندی سۆسیالیزم سەرووپایەی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان و سەربەخۆیی خۆیی دەکەوێت...) دیارە هەراو گاشەکەی نێوان (مارکس) و (باکۆنین) ی ئەنارشیستی بە ناو بانگی رووسی دەربارەی مافی دیاری کردنی چارەنووس زۆر دیار و ئاشکرایە ، کە دووەمیان بێ بێچەوانە و زمان گرتن باوەڕی بە دیاری کردنی چارەنووسی هەموو میللەتان هەبوو . بێ گوێدانە هیچ ئیعتیبارێتیک ، بەلاّم مارکس دەیبەستێتەوە بە هەندێ مەرج و هۆی وەکو پێشکەوتن و چارەنوسی سۆشیالیزمەوە ... کە دەقەکەی مارکس ناهێنینەوە نەبا چ خزمەتێ نەکات !. بەلاّم دیسانەوە بۆچوون باری سەرنجەکانی مارکسیزم بە تایبەتی لینین ، لە گەڵ هەموو کەموکوڕی و ناتەواویەکدا دەربارەی (مافی دیاری کردنی چارەنووسی میللەتان) بەلانی کەمەوە لە زۆر بیرو باوەری دیدا بەرچاو و روونترە .

بە هەرحاڵ مافی دیاری کردنی چارەنووسی پەکی لە سەر پسوڵەی کەس نەکەوتووە و مافێکی دیاری و(مطلق) ی هەموو نەتەوەکانی جیهانە و ئەو گەلانەی خۆیان دەیسەپێنن .

## چۆنیەتی بەکار هێنانی مافی چارەنووس :

وەکو سەرەتایەکی بەڵگە نەویست مافی چارەنووس ، مافێکی سەربەخۆی ، بێ دەمەتەقێ ی ، هەرنەتەوەیەکە کە لە سنووری نیشتمانەکەی خۆیدا سەربەخۆیی و ئازادی تەواوی هەبێت بۆ دیارکردنی جۆر و شێوەی ژیانی**(سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری)** ئازادانەی خۆی ، بێ هیچ دەست تێوەردان و مەرج کارێکی بێگانە ، لە ژێر هەر ناو و هەر بیانوویەک بێت ... بە جۆرێک کە ئەو پەڕی سود و بەرژەوەندی کۆمەڵانی رەنجدەروی نەتەوەکە دێنێ .. ئەم مافەش ڕاستەو خۆ بەندە بە رۆڵەکانی ئەو نەتەوانەوە ، دیارە فەند و باوی سەربەخۆیی رواڵەتی کە رێگەیەکی ئیمپریالیسمانەیە بۆ هێشتنەوە و گرێ بەندی ئەو نەتەوە **(بە ناو رزگاربوانە)** بە رێچکەی ئستیعماریانەی دەوڵەتانی سەرمایەدارەوە ، پوکاندنەوە و لە باربردنی ئەومافەیە ..، ئەو مافە کاتێک دێتە دی کە هیچ دەسەڵاتێکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی **(سیاسیو ئابووری و ڕوشنبیری)** بێگانەی بە سەرەوە نەمێنێ و بتوانێ هەموو (ماددی و مەعنەوی بێگانەی زیان بەخش) لە بەین بەرێ ... بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە هەموو نەتەوەیەک بۆی نالوێ و بۆی دەست نادات یەکان دەردوو ئەو مافە جێ بەجێ بکات ، یان لە شێوەی هەرە باڵایدا کە **(سەربەخۆیی و ئازادی)** تەواوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریە بێنێتە دی ... بەڵکو ناچاری و بارو هەل و مەرج و هەڵکەوتی مەسەلەکە و هۆی زاتی و بابەتەکانی ئەوەی بە سەر دەسەپێن کە بە پێی "ممکنات" و توانا و بەردەست ، لە شێوە نشێوەکانی ئەو رێگە سەخت و بەو ئامانجە ستراتیژیەی بگات ... **بەو مەرجەی هەر قۆناغەی وچان و خۆکۆکردنەوەبێت بۆ تەکانێکی بەرەو پێش و قۆناغێکی پێشکەوتوو هەڵکشاو** .. هەڵبەتە دەبێ هەمیشە مەسەلە بنەڕەتی و ئامانجە ستراتیژیەکە بەرچاو بگیرێ و هەر دەستکەوتێکی کاتی و ووچانێکی تاکتیکی هەنگاوێک بێت لە سەرە ڕێ ی گەیشتن بەو ئامانجە ستراتیژیە و هەموو توانا و جوڵە و چالاکی یەک بۆ خزمەتی ئەو ئامانجە بە گەڕ بخرێت . پتر تریش خەباتی سەختی نەتەوە ژێر دەستە و لە بیرچوەکانی ئەم سەردەمەو بە تایبەتی ئەوانەی تا دووەم جەنگی جیهانی بەو مافە نەگەیشتوون لە بەردەم ئەم سەختیەدا ...هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو گەلانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لە گەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا بە رژێمێک و قەوارەیەکی سیاسی بەستراونەتەوە ، کە هەر یەکە لەو گەلانە لە ململانێ یەکی سەختدان لە گەڵ ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی نارەوا و چاوچنۆکی دەوڵەتی ...

به مانا له بەردەم شێوەیەک له شێوه نا راستەوخۆکانی ئیستیعماری دان ، ئەم باره تایبەتی یه خەباتی نەتەوایەتی ڕەوای ئەو گەلانەی خستۆته سەر بارێک که کۆمەڵانی ئەو گەلانەی له گەڵیاندا دەژین به کۆسپی خەباتی دژ به ئیمپریالیزمی بزانن و ئەمەش دەبێته هۆی چەکەره کردنی گیانی شۆڤێنیتی و دەمارگیری نێو نەتەوه گەورەکه و خۆش بوونی زەمینەی بەردەوامی دیکتاتۆریتی و داگیرکردن و چەوسانەوەی زۆر دڕندانه .

له سەرێکی دیکەوه ئەو خەباتی بەرچاوەی دژ به ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی بێگانەیه به شێکی گەورەی ڕۆڵە شۆڕشگێرەکانی نەتەوه ژێر دەستەکه دا دەبرێ بۆ لای خۆی و زۆر جاران دەیان کاتیش به گژگیانی نەتەوایەتی خەباتی ڕەوای نەتەوه ژێر دست و گچکەکه وه که زۆر جاران بەرەی چەپ خراپ له ئامۆژگاری و بۆچونەکانی لینین دەگەن ، بەوەی ئەرکی پرۆلیتاری نەتەوه گەورەکه بەوه دیاری دەکات که جەماوەر به گیانی دڵ فراوانی و دان نان به مافی چارەنوسی نەتەوه بچوکەکه و هەتا جیابونەوەش پەروەرده بکەن ... و ئەرکی پرۆلیتاریای نەتەوه بچوکەکه به پەروەرده کردنی جەماوەر به گیانی برایەتی و هاوخەباتی و یەکێتی دیاری دەکات ... که له راستیدا ئەرکی یەکەم به دەگمەن جێ به جێ دەبێت و ئەگەر بشیبێ له چوارچێوەی تیۆرێکی رووت و ئیهتمامی دەرەجه دوو تێپەڕناکات .. ئەرکی دووەمیش زۆر خراپ تەرجومه دەکرێت و زۆرینەی جارەکان به کۆسمۆپۆلیتی و دژ به مافی چارەنووسی گەلەکەوه دەوەستێتەوه ... که یەکێک له کێشه هەره گرنگ و قورتەکانی سوشیالیست خوازەکان له دەوڵەتی فره نەتەوەدا ئەم کێشەیه .. دیاره ئێمه له سەر ئەم خاڵە دەوەستین له رووی بەتەنگەوه هاتن و پەرۆشیمانه بۆ پاشەڕۆژ و چارەنووس هاوخەباتی بزوتنەوەی دیموکراسی و خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەییانەی کورد **(کوردایەتی)** ... هەردوویان هاوخەبات و هاوسەنگەری یەکدی دەزانین و هەموو دابین و لێک ترازانێک له لایەن هەر یەکێکیانەوه رووبدات سەرئەنجامی خراپ و پەک خەری هەردوو بزوتنەوەکه دەگەرێتەوه و تەنها دوژمنانی پێشکەوتن و کۆنەپەرستان بەرەکەی دەخۆن ... سەرتاسەری مێژووی خەباتی رزگاریخوازی کورد له باشوری کوردستاندا نیشانه و نمونه و بەڵگەی ئەم راستیەن .. وخۆیان له یەک سەنگەردا بگرن ، سەرکەوتنی ناوکۆیان به دەست هێناوه و هەر دەمێکیش لێک ترازان .. هەردوو لا سەرئەنجامی سلبیان پێدا چزاره . ئەم کێشه و گرفت و کۆسپانه وای کردووه که نەتەوەیەکی چەوساوه و داگیرکراو و بەش کراوی وەکو نەتەوەی کورد لەو بارو ئاستەدا نەبێت که بتوانێ یەکسەر و راستەوخۆ - وەکو نەتەوەکانی دیکه - ئەو مافی دیاری کردنی

چارەنووسە ... و ناچارانە بکەوێتە سەرباری قۆناغ قۆناغ و بە پلە گەیشتن بەو ئامانجە کە نابێت هەرگیز نە لە گەڵ مەنتیقی پشوو کورتی مساومی برژوا تێکەڵی بکەین کە ئەم بارە دەکەنە بەڵگە و پۆزشێک بۆ خۆدزینەوە لە مەسەلە بنەڕەتی و ئامانجە ستراتیژیەکە و پاڵدانەوە لە بەر سێبەر و دەستکەوتێکی کاتی و فشەمافدا... بۆیە خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا دەبێت بۆ (ئەو پەڕی ممکن) بێت وا لە بەر ڕۆشنایی بار و هەل و مەرج و هەڵکەوتی هەر کات و شوێنێکی دیاریدا ئەو (ئەو پەڕی ممکن) ە دیاری بکرێت ... کە تا ئەمڕۆ و لە قالب و شێوە گشتی یانەدا خۆی دەنوێنێ ...

## ١ - ئۆتۆنۆمی - خودموختاری

شێوەیەکە لە شێوەکانی بەڕێوەبردنی حوکم ، کە لە سەر بناغەی لامەرکەزی سیاسی ئیداری هەڵچووە ، بۆ هێنانە پێشی پێکەوە هەڵکردن و ڕێکەوتنی کۆمەڵێکی لێک نەچوو و فرە هەڵکەوت ... ئەم جۆرە حوکمە هەتا بۆ ناو نەتەوەیەکی چەند (**تیرە و ئاین و مەزهەب**) یش دەست دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی برایانە و ئاشتی ئامێز تایبەتێتی ئەو کۆمەلانە بپارێزێت و لە مەترسی بە سەردا زاڵ بوون و کەڵەگایی لایەنێک رزگار کات و هەمووان هەست بە دڵنیایی و ئاسودەیی چوون یەکی بکەن .. دیارە وەکو تێگەیشتنێکی سیاسی و بە کردار ، لە هەندێ سەربەستی و سەربەخۆیی و لامەرکەزیەوە تا سنوری یەکێک لە شێوەکانی نێو مافی گەلێک لە نێو دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا ...

ئەوەی پتر بەکاردەهێنرێت ئیمڕۆ جۆرێکی حوکمە بۆ ئەو نەتەوە بچوکانەی کە لە قەوارەیەکی سیاسی دا لە گەڵ نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیەکی دیدا دەژین ... بە دانانی رژێمی خودموختاری بۆ ئەو ناوچانەی کە نەتەوە بچوکەکە تێدا دەژی ، کە لە سنوری ئەو ناوچەیەدا ، دەسەلاتی بەڕێوەبردنی کاروباری (ئیداری و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی) لە چوارچێوەی سیاسەت و دەستووری گشتی وولاتەکەدا هەبێت.. بۆ پاراستن و گەشە پێدانی تایبەتی و بوونی میللی نەتەوە بچوکەکە .. بە جۆرێکی وا کە یەکێتی سیاسی و ئابووری و دەستووری ولاتەکە بپارێزرێت !!

**ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە و دروست و فراوان ئەوەیە ، کە نەتەوە بچووکەکە بتوانێ بە ئازادی و لە بەر رۆشنایی بەرژەوەندی و بار و هەل و مەرجی خۆی و وولاتەکەدا هەموو کاروباری ژیانی (سیاسی و کۆمەلایەتی و**

**ئابووری و رۆشنبیری" خۆی بگرێتە دەست و بەڕێوەی بەرێت ، تەنها کاروباری - سیاسەتی دەرەوە و دەستوری گشتی - بە مەرجێ دژی گیانی دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی نەبێتەوە و بەرگری گشتی و ئابووری ناوەندی لە دەسەلاتی ناوەندا بێت ، بە شێوەیەکی وا کە بوون و بەرژەوەندی بەشداری نەتەوە بچوکەکە لەم لایەنەدا تێنەپەڕێ ..**
دەبێت شێوە و چۆنیەتی پەیوەندی دەسەلاتدارە ئۆتۆنۆمەکە و ناوەند و دەسەلاتی یاسایی و دەستوری هەرلایەکیان دیاری بکرێت ، کە مافی هیچیان تێدا نەچێت .

## ٢ - یەکێتی فیدڕاڵی - فیدراسیۆن (Fedration)

لە وشەی (Foederatus) ی لاتینییەوە هاتووە بە مانای " کۆم بونەوە" دێت .. بریتییە لە یەککگرتنی سیاسی چەند (هەرێم و قەڵەمڕەوێ کشوەرێک) بۆ دروست کردنی دەوڵەتێک کە هەر هەرێم و قەڵەمڕەوی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕوشنبیری و سەرجەم چالاکیەکانی نێو کۆمەڵ لە دەست خۆیدا دەبێت ، تەنها لە رووی سیاسەتی دەرەوە بەستە دەبن بە دەوڵەتی مەرکەزەوە .

بە عادەت هەمیشە "**دادگایەکی بالاْ**" دەبێت بۆ لێکدانەوەی دەستوور و یاسا و دەسەلاتی هەردوو دەسەلاتەکە و راگرتنی هاوکێشی نێوانیان ... دیسانەوە ئەم جۆرە یەکێتییە یەک جۆر و سەمتی نییە لە( بەڕێوەبردن و جێ بە جێ کردندا) دا بە پێی ئەو وولاتە دەگۆڕرێت بۆ نمونە ویلایەتەکانی فیدڕاڵی ئەمریکی مافی نوێنەرایەتی دەرەوە و سیاسەتی دەرەوەیان نییە ، بەلام لە دەستوری ئەساسی کۆنی سۆڤیەتدا ئەم مافە پارێزراوە . - با لە رووی تیۆریشەوە بێت - تا رادەیەکی ئەوتۆ کە (کۆماری ئۆکرانیا و رووسیای سپی) نوێنەریان لە نەتەوەیەککگرتوەکاندا بووە و بە پێ ی یاسا مافی سوپای تایبەتی و خودیان هەر هەبووە ، بەلام لە رووی دەستوریەوە وەکو مافێک پارێزراوە . (وولاتە یەگگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا و سویسرا و هیندستان و مەکسیک و ئەرجەنتین) لە دەوڵەتە فیدڕاڵیەکانی جیهانن . سویسرا کە لە رووی تیۆریەوە یەکێتی‌یەکی(کۆنفیدراسیۆن) ە بەلام لە رووی علمی و واقعەوە یەکێتی یەکی فیدرالی فراوان حسێب دەکرێت چونکە هەڵکەوتی علمی و واقعی فیدرالیانە بە پتر لەوەی (کۆنفیدرالی) بێت ... چونکە کە ناوەند دەسەلاتی راستەوخۆی بە سەر هەموو دەوڵەتدا هەبوو لە کۆنفیدراسیۆنی دەکەوێت .

## ٣ - کۆنفیدڕاڵی (Confdration)

یەکێتی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ بەرگری لە یەکتری و پێش پێ گرتن لە مەترسی دەست درێژی بێگانە و بۆ هێنانە دی بەرژەوەندی هاوبەشی هەموولاکان .

دەوڵەتی کۆنفیدراڵی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی ودەستوری بە سەر گەلانی ئەو دەوڵەتانەوە نییە و دەوڵەتەکان ئازادن لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەیان و هەریەکەیان بۆی هەیە پەیوەندی یەکانی خۆی وەکو خۆی ڕاگرێ . ئەمانە کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتی و برایانە و بە گفتوگۆ و سەلماندن چارەسەردەکەن و پەنا نابەنە بەر هێز و زەبرو زەنگ .

ئەمریکا لە سالانی ١٧٧٨ تا ١٧٨٧ بە شێوەی کۆنفیدراسیۆن بووە ، هەروەها ئەڵمانیا لە سالانی ١٨١٥ تا ١٨٦٦ و هۆڵەندە لە ١٥٨٠ تا ١٧٩٥ بە شێوەیەکی کۆنفیدراڵی بوون ، هەرچەندە لە رووی دەستوری و فەرهەنگی یەوە ئێستاش سویسرا بە ناوی " کۆنفیدراسیونی سویسری" یەوەیە ، بەلام لە ڕووی کردارەوە دەوڵەتێکی فیدراڵی‌یە . **پێویستە ئەو ڕاستیەش لە بیرنەکەین کە (یەکێتی کۆنفیدراڵی) ناسکترین و کەم تەمەن ترین شێوەکانی حوکمە و دەتوانرێ بە ئێستگەیەکی گوێزانەوە و قۆناخێکی کاتی بژمێردرێ لەو حکومەتۆچکە و دەسەلأتدارانەی کە هۆکانی پێکەوە و پێویستی یەککرتنیان هێشتا لە دەوری ساوایدایە و بە تەواوی زەمینەی یەککرتنی تەواو بوونە یەک دەوڵەت یان (یەکێتییەکی فیدراڵی) نەهاتۆتە پێش .**

ئەم قۆناخە وچانی تەخت کردنی ئەو کۆسپانە و خۆشکردنی زەمینەی یەکێتی یەکی پێشکەوتووتر و گونجاو تر .. وەک یەکێتی کۆنفیدراسیۆنە کۆنەکانی (ئەمریکا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سویسرا) ... یان **هەنگاوێک لە سەرەڕێی جیابوونەوە و سەربەخۆیی تەواو دروست کردنی کیانی سەربەخۆ .. وەک ئەوەی چاوەڕێ رەوتی مێژوویی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و گەلانی ژێر دەستەی تر دەکات.**

# یەکێتییە کۆنفدراڵیەکان

گرنگترین شێوەی یەکێتی لە نێوان دەوڵەتاندا (یەکێتی کۆنفدراسیۆن) ە ، کە تێیدا چەند دەوڵەتێکی هاوبەرژەوەند لە سەر بنچینەی یەکسانی حکومەتێکی ناوەندی دروست دەکەن کە چەند دەسەلاتێکی دیاری دەبێت ، واش هەڵکەوتووە کە ئەم حکومەتە گشتی یە لە کۆنگرەی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتە پێک دێن کە یەکێتی یە کۆنفیدراسیۆنەکەیان پێکهێناوە .. بە عادەت ئەم نوێنەرانە وەکو دەوڵەت و بە پێی ئەو ئامۆژگاریانەی لەو حکومەتانەوە کە نوێنەرایەتیان دەکەن دەنگ دەدەن .

دەوڵەتانی ئەندامیش لەم یەکێتی یە کۆنفدراسیۆنە تەواوی ئازادی و دەسەلات و سەربەخۆیی خۆیان دەبێت و دەیپارێزن چونکە ئەم جۆرە یەکێتی یە نابێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتێکی نوێ . چونکە حکومەتێکی ناوەندی دەبێت بەلام دەسەلاتێکی ناوەندی نابێت کە (**دەسەلات- مەرجێکی بنجی حکومەتە**) ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو حکومەتە ناوەندە رووی بەشێک لەبەشەکانی هەر حکومەتێک لە حکومەتە ئەندامەکانیەتی ، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە سنوری دەسەلاتی دیاری دەکەن ، ئەو ئامرازانەش کە یەکێتی کۆنفیدراسیۆن دروست دەکات و سنووری دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی دەکێشێ هەندێ جار پێی دەووترێت **دەستوور** بەلام گەر بە ووردتر بڕوانینێ و دەقەکەی وورد کەینەوە ئەوا (**باوەڕنامە**) یان پەیمانێکە لە نێو چەند دەوڵەتێکدا، کە سەرچاوەی ڕەوایەتی(شەرعیەتی) ئەندامەکانیەتی... **چونکە یەکێتی فیدراسیۆنی دەوڵەتێکی دەسەلاتدار نییە** ، کە هەر ئەندامێکی دەتوانێ لێی بکشێتەوە ، ئەم کشانەوەیە لەوانەیە پێچەوانەی دەستووری دۆستایەتی نێو دەوڵەتی بێت و ڕێ بە نارەزایی دەوڵەتانی دی نێو یەکێتی بدات ، بەلام ئەوە هەر دەمێنێتەوە کە کارێکی نا شایستە و نارەوا و دژ بە دەستوور نییە لە مێژووی گەشەفراژووبوونی دەوڵەتدا . چەند یەکێتی یەکی کۆنفیدراسیۆنی پەیدا دەکەن ، کاتی خۆی شارەکانی یۆنانی کۆن چەند یەکێتی یەکیان لە نێو خۆیاندا دروست کردووە لەمانە یەکێتی( کۆمەڵەی ئەگریکی) دەرچوو بوو کە زۆر لە هەلس و کەوت و ڕێ و شوێنی یەکێتی کۆنفیدراسیۆنەوە نزیک بووە هەروەها (کۆمەڵەی هانسیتی) و ئیمپراتۆریەتی رۆمای پیرۆز (Holy Roman Empire) لە یەکێتی یە کۆنفیدراسیۆنە گرنگەکانی سەردەمانی کۆن دەژمێردرێن .

لە مانەش تازەترین یەکێتی کۆنفیدراسیۆنی ئەڵمانیای کۆن لە ١٨١٥ تا ١٨٦٦ دا و یەکێتی کۆنفیدراسیۆنی سویسری لە ١٨١٥ تا ١٨٤٠ و یەکێتی کۆنفیدراسیۆنی ئەمریکایی لە ١٧٨١ تا ١٧٨٩ دا بووە .

تاقیکردنەوەکانیش ئەوەی نیشان داوین ، **یەکێتی کۆنفیدراسیۆنی شێوەیەکە لە شێوە هەرە لاوازەکانی ڕێکخستن و پردێکی پەڕینەوەیە لە گۆڕانێک کە لە دووڕیانێکدا تەواو دەبێت یان ڕێگەی جیابوونەوە یان یەکگرتنی ئەندامەکانی ئەو یەکێتیەش دەگرێتە بەر .**

یەکێتی کۆنفیدراسیۆنی لە هەندێ ڕووەوە لە (هاوپەیمانی) دەچێت ، چونکە چەند دەوڵەتێک بە پێی پەیمانێک و لە سەر بنچینەی یەکسانی و بەرژەوەندی هاوبەش یەک دەگرن بەڵام لە رووی ئەوە کە دەزگا و بانێکی حکومەتی هاوبەش هەیە لە هاوپەیمانی جیاوازە ، هەروەها لە رووی جوغزی کار و هەمە چەشنەی مەبەست و ویستی بەردەوام بونیشەوە جیاوازە .

یەکێتی کۆنفیدراسیۆن بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی یەکە خۆی بە جیا بوونەوەی ئەندامەکانی یان بە تێکەڵ بوونیان لە یەک دەوڵەتدا لە بەین دەچێ ، یەکێتی کۆنفیدراسیۆن لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە یەکێتی فیدراسیۆن .. بەڵام جیاوازی هەرە کاتی ئەندامان مافی دیاری کردنی میقداری خۆبەستنەوەیان بە یەکێتیەکەوە و مافی کشانەوەیان هەبێت لە یەکێتی یەکە کاتێ کە ڕاو باری سەرنجیان قبوڵ نەکرێت .. جۆری ئەم یەکێتی یە کۆنفیدراسیۆنی یە ، بەڵام لە دەستوردا ئەوە دیاری کرا کە حکومەتی یەکێتی **(ناوەند)** بۆی نییە کیانی سیاسی ئەندامانی لە بەین بەرێ یان لە دەست لە دەسەڵاتە یاسایەکانەوەدا ... و ئەندامیشی بۆیان نەبێت کیانی یەکێتی یەکە لە بەین بەرن یان دەست لە دەسەڵاتە قانونیەکانی حکومەتی یەکێتی بدات ، **جۆری یەکێتی یەکە فیدراسیۆنی دەبێت ..**

## جیاوازیە گرنگەکانی نێوان یەکێتی کۆنفیدراسیۆن و یەکێتی فیدراسیۆن

| یەکێتی کۆنفیدراسیۆن | یەکێتی فیدراسیۆن |
| --- | --- |
| ١ - دروست بوونی بە پێ ی ڕێکەوتنی چەند دەولەتێک دەبێت کە لە رووی یاساوە بە (پەیمانێک) ی دەولەتی دەژمێردرێ . | ١ - بە پێ ی دەستوورێک دروست دەبێت ، کە لە رووی یاساییەوە بە (یاسا) دەژمێررێت . |
| ٢ - لە سەر رای بوونی حکومەتە ئەندامەکان رادەوەستێ | ٢ - لە سەررای بوونی هاوولاتیانی دەولەتەکە رادەوەستێ . |
| ٣ - بە پێ ی ژمارەی ئەو دەولەتەکانەی کە ئەندامن تێیدا ، دەسەلاتی جیا جیای هەیە . | ٣ - یە ک دەسەلات هەیە کە لە حکومەتی ناوەندایە . |
| ٤ - دەشێ ئەندامەکانی دەولەتی کۆنفیدراسیۆن بە ڕێگەیەکی دەستووری لەو یەکێتیە بکشێنەوە ، واتە هەردەولەتەی هەر کاتێک بیەوێ مافی جیابوونەوەی هەیە . | ٤ - کشانەوە لە یەکێتی فیدراسیۆنی بە کارێکی نادەستووری و توونڕەوانە دەژمێردرێت ، مافی جیابوونەوەی تێدا نییە . |
| ٥ - حکومەت ئەندامەکانی نێوی بڕیاری هەلوەشاندنەوە یان فراوان کردنی دەسەلاتی یان و پێک هێنانەوەی دەدەن . | ٥ - حکومەتی ناوەندی بە پێی دەستوور خۆی دەسەلاتەکان دیاری دەکات ،گۆران و هەلوەشاندنەوەی ئەندامەکانی ناتوانن ئەو یەکێتییە دەسکاری کەن یان بگۆڕن ، مەگەر دەستوورەکە بە شێوەیەکی یاسایی وا بگۆڕن کە ڕێیان پێ ی بدات . |
| ٦ - لە بەر ئەوەی دەزگایەکی ناوەندی و دادگەری نی یە ... ناتوانێ دەسەلاتی ڕاستەوخۆ بکێشێت بە سەر هاوولاتیاندا .. بەلکو هەر دەولەتەی بە جیا دەتوانێ ئەم کارە بە نسبەت هاوولاتانی خۆیەوە بکات .. تەنها دەتوانێ لەڕێ ی زۆر و زەبر و زەنگی هەموانەوە مل پێ بدات بۆ دەسەلاتی یەکێتییەکە . | ٦ - حکومەتی ناوەندی لە بەرڕوشنایی دەسەلاتە دەستوریەکاندا یاسا دادەنێ و بە ڕێ ی دەزگا ئیداری و دادگەریە تایبەتییەکانەوە بە سەر هەموو هاوولاتیاندا دەسەپێنێ. |
| ٧ - هەموو ئەندامانی کەسایەتی دەولەتی ی سەربەخۆی دەبێت و دەتوانێ پەیمان لە گەل دەولەتەکانی تردا ببەستێ یان جەنگیان لە گەلدا سازدات ، بێئەوەی کاربکاتە سەر ئەندامەکانی تر مەگەر لە دەستووری یەکێتیدا دەسەلاتی جەنگ سازدانی بدرێتە دەست | ٧ - ئەندامانی یەکێتی فیدراسۆن ئەو دەسەلاتەیان نی یە تەنها لە دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی دایە . |
| ٨ - جەنگی نێوان ئەندامەکانیان بە جەنگی نێو دەولەتی دەژمێردرێ . | ٨ - جەنگ و شەڕو پشێوی .. بە کاری ناوخۆ دەژمێردرێ . |
| ٩ - دوا ڕێگەی یاسایی ، گرفتی نێوانیان جیابوونەوەیە . | ٩ - پەنابردنە بەر دادگای فیدراسیۆنی یاساکان دا دەنرێت . |

chalakmuhamad@gmail.com

پاش ئەمانە دەگەینە ئەو راستیەی کە مەسەلەی مافی دیاری کردنی چارەنووسی هەر نەتەوەیەک مافێکی بێ دەمەتەقێ و زمان گرتنی هەرنەتەوەیەکە ... و ئەگەر چی شێوەی و چێوەی چۆنێتی بە دیهێنان و بەکارهێنانی ئەو مافە دەکەوێتە سەر بار و هەل و مەرجی ئەو نەتەوەیە و سەرجەم هۆکانی کارتێکەری (دەوروبەری) و لە چەند شێوەیەکدا خۆی دەنوێنێ .. **بەلام بالاترین پلەکان و رەوتی مێژوویی و دوایی هەرخۆی لە دروست کردنی گیانی سیاسی سەربەخۆ و ئازاد دا دەبینن .**

ئێمەی کوردی باشوور کە لە بارێکی زۆر سەخت و نمونەیی نیمچە ئازاد داین ، لە زۆر لایەنی دیکە چاکتر دەتوانین تەعبیر لەو ژان و ئامانجانە بکەین کە گەلان و نەتەوە هاو ژان و کێشەکانمانی تیایە .. **و مافی دیاری کردنی چارەنووس لە هەموو شتێکی دیکە لامان مەبەست تر و پیرۆزترە** .. بۆیە پێویستە هەموو پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان رق و کینەی کورد کوژی بخەنە ئەو لاوە و بە یەک دڵ و یەک زمان سەری تەبایی و برایەتی و لە یەک بووردن بۆ یەکتری دانەوێنن و توانای خۆیان بخەنەکار بۆ بەدیهێنانی‌مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد .

chalakmuhamad@gmail.com

**تا ملکەچی یەکی نەخستوین**

**با بۆ ئازادی یەکگرین**

## سەرچاوەکان


١ - العلوم السياسيه ........................رایمۆند کارل فیلد کیتیل

٢ - کورد و کوردستان ........................د. عەبدول رەحمان قاسملۆ

٣ - کورد و کوردستان .........................موحەمەد ئەمین زەکی بەگ

٤ - بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد.............. رەمزی قەزاز

٥ - کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا............. وەرگێرانی سەعید ناکام

٦ - الماركسيه والمساله الوطنيه................... ف. ا . لينين

٧ - ما هي القوميه...........................ساطع الحصرى

٨ - مرۆڤ و دەروبەر ........................مە.سعود موحەمەد

٩ - علم السياسه........................... مرسيل بريلو

١٠ - الفلسفه السياسه...................... محمد مفيد الشوباشى

١١ - فرهنگ سیاسی

١٢ - چەند موحازەرەیەکی دەورەی کادیران

١٣ - زنجیرەی پێشرەوەکەت بناسە................. لە بڵاوکراوەکانی پاسۆک

١٤ - ئاڵای سووری کوردایەتی

١٥ - الحريه فى الدول الحديثه.................... ه. ج. لاسكى

١٦ - پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ



chalakmuhamad@gmail.com

نووسەری ئەم نامیلکەیە خوالێخۆشبوو (ئازاد مستەفا) یە کە لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بارزان لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژاردا لە دایک بووە ، خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی و پەیمانگای بەرزی پزیشکی لە بەغداد تەواو کردووە ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پاسۆک و سکرتێری بوو .

لە ساڵی ١٩٧٧ - ١٩٧٩ لە زیندانەکانی بەغداد دا بووە و ... کاک ئازاد گەلێک نووسینی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەی هەیە .

کاک ئازاد بە راستی سیاسیەکی رۆشنبیر و بە ئاگا بوو بەڵام مەخابن لە ١٩ / ٣ / ١٩٨٩ دا لە نەخۆشخانەی کارۆلینیسکای ستۆکهۆڵم بە نەخۆشی شێرپەنجە ماڵئاوایی لە نەتەوەی کورد کرد ..

chalakmuhamad@gmail.com